# بەراوردێك لە هەڵوێستەكان!

سالار سۆفی

كاتێك كە بەڕێز (عەبدوڵا ئۆجەلان) ی سەرۆكی (پ. ك. ك) ی پێشوو و (كادەك) ی ئێستا بە پیلانێكی نێودەوڵەتی هەمەلایەنە دەستگیر كرا و پاشتریش دادگیی كرا و دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی دا، پارت و لایەنە سەرەكییەكانی كوردستانی ئازاد، نەك هەر لە دژی ئەو دەستگیركردن و دادگاییكردنە نەوەستان، بەڵكو هەوڵیان نەدا تەنانەت داوای كەمكردنەوەی سزاكەشی بكەن، یان هەر هیچ نەبێت داوا بكەن بڕیارەكە نەگاتە ئاستی لەسێدارەدان.

ئەمڕۆش كە (نزار خەزرەجی) سەرۆك ئەركانی پێشووی سوپای عێراقی و یەكێك لە سەركردە هەرە ناودارەكانی قەسابخانەكانی ئەنفال و كیمیابارانی شاری هەڵەبجە، بەشێوەیەكی شارستانی داوای لە دژ بەرز كراوەتەوە و ڕووبەڕووی دادگاییكردن بووەتەوە، بە داخێكی گرانەوە هەمان ئەو لایەنانە نەك تەنها داوای سزای توندی ئەو تاوانبارە ناكەن كە دەبووایە بیانكردایە، نەك تەنها وەك بێلایەنێكیش بێدەنگ نەبوون، بەڵكو بە بێتاوانیشی دادەنێن و لەدژی دادگاییكردنین، لەوەش زیاتر بە نیشتیمانپەروەر ناوی دەبەن.

ئەگەر بەراوردێكی سەرپێیی لە نێوان ئەم دوو دادگاییكردنەدا بكەین، بە ئاشكرا بۆمان دەردەكەوێت كە ئەگەر لە ڕووانگەی بێلایەنێكیشەوە لێك بدرێتەوە دەبووایە هەڵوێستەكان پێچەوانە بوونایە، لەبەر ئەوەی:

لەباری یەكەمدا (عەبدوڵا ئۆجەلان) سەرۆكی پارتێكی بەرهەڵستكاری توركیا، لایەنی كەم خاوەن دەیان هەزار لایەنگرە و بە هەموو ڕووە نێگەتیڤەكانیشییەوە بە یەكێك لە سومبولەكانی خەبات و نارەزایەتی گەلێكی ژێردەستەی وەكو كورد لە دژی دەوڵەتی توركیا، كە دان بە بچووكترین مافی ئەم گەلەدا نانێت، دادەنرێت و بە دەستگیركردنیشی خۆپیشاندانی نارەزایەتی بەرفراوان لە گەلێك لە وڵاتانی جیهاندا بەرپا كرا و دەیان و سەدان كەس ئامادەبوون گیانی خۆیانی لە پێناودا ببەخشن.

ئەو لایەنەی كە لە دادگادا بەرانبەر (ئۆجەلان) وەستابوو و داوای دادگایی دەكرد، وڵاتی توركیا بوو، هەمووومان دەزانین كە خاوەنی چ جۆرە فایلێكە لە بواری پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤدا و تەنانەت ئەندامانی پەرلەمانەكەیشی لەو پێشێلكردنە بە دوور ڕانەگیراون.

لەوەش گرنگتر و سەیرتر ئەوە بوو كە دادوەریش و داواكاری گشتیش و خودی دادگاش، سەر بە هەمان لایەنن كە داوای دادگاییكردنی بەرز كردبووەوە، ئەویش دەوڵەتی توركیا بوو.

بەڵام لە باری دووەمدا (نزار خەزرەجی) سەرۆك ئەركانی سوپای عێراقی، یەكێك لە بەرپرسانی سەرەكی ڕژێمی عێراق لە كاتی ئەنجامدانی قەسابخانەكانی ئەنفال و كیمیابارانكردنی شاری هەڵەبجە، نەك هەر خاوەنی هیچ بنكەیەكی جەماوەری نییە لە نێو گەلی كوردستان و عێراقدا، بەڵكو لە هەموو لایەكەوە پەنجەی تاوانیشی بۆ درێژ دەكرێت و داوای دادگاییكردنی دەكرێت. ئەوانەی داوای دادگاییكردنی (خەزرەجی) دەكەن، چ وەك ڕێكخراو و چ وەك تاكە كەس، ئەوانەن كە لە دژی ئەنفالچی و تاوانبارانی جەنگن و گەلەكەیان ڕاستەوخۆ بە دەستی خەزرەجی خۆی یان بە بڕیار و نەخشە و پلانەكانی ئەو و هاوكارەكانی توشی

ئەنفالکردن بوون و کیمیاباران کران و شوێنبزر کران، بۆ ئەم مەبەستەش پەنایان بردووەتە بەر دادگای وڵاتی دانمارك، کە دادگایەکە لە هیچ ڕوویەکەوە لەگەڵ دادگای تورکیادا بەراورد ناکرێت.

کەواتە ئەم هەڵوێستە پێچەوانەیە لە پێناوی چیدا؟! ئەگەر ئەم بەڕێزانە ڕێگا بە خۆیان نادەن دەست بخەنە ناو کاروباری (دراوسێکان!) ەوە، با ڕێگە بە خۆشیان نەدەن ببن بەکلیلی ئەفسووناوی کەلەپچەی دادپەروەریی دەستی ئەنفالچییەکان و ڕێگا بۆ ئەگەری ڕوودانی ئەنفالەکانی داهاتوو خۆش بکەن.

گەل لە بەرامبەر تاوانبارانی جەنگ و جینۆسایددا ویژدانی خۆیان کردووە بە دادوەر و ئەمڕۆ هاودەنگن. ئێوەش وەرن، ئەگەر نابن بە پێشڕەویش، بە دووای گەلدا وەرن. وەرن باوەش بە گەلدا بکەن.

salarsofy@hotmail.com ٤. ٢. ٢٠٠٣

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت